OM Å VÆRE FORELDRE I BARNEHAGEN
**KURDISK – SORANI**

# دایکوباوک و باغچەی مناڵان



## هاوکاری نێوان باغچەی منداڵان و ماڵەوە

هاوکاری نزیکی نێوان باغچەی منالآن و ماڵەوە گرینگە بۆ ئەوەی منال باغچەی منالآنی لا خۆش بێت و گەشە بسێنێت. لە یاسای باغچەی منالآن و رێساکانی پەیوەندیدار بە چوارچێوەی پلان و ئەرکەکانی باغچەی منالآندا جەختێکی زۆر لەسەر ئەم هاوکارییە کراوە. لە پێناو هاوکارییەکی سەرکەوتوو و باشدا ئەبێ پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دایکوباوکان و باغچە منالآندا هەبێت. ئەم پەیوەندییە رۆژانە لە کاتی هێنان و بردنی منال بۆ باغچەی منالآن و لە رێگەی گفتوگۆی دایکوباوک لەگەڵ فەرمانبەران و کۆبوونەوەی دایکوباوکاندا روو ئەدات.

## دەستپێکردنی باغچەی منالآن

یەکەم کۆبوونەوە لەگەڵ باغچەی منالآن بۆ هەر دووی خێزان و فەرمانبەران گرینگە. باغچەی منالآن مەجالی ئەمە ئەرەخسێنیت کە دایکوباوک و منال لە رۆژی یەکەمەوە هەست بە ئاسایش و متمانە بکەن. منالآن لە یەک جیاوازن و لە پەیوەندی لەگەڵ دەستپێکردن بە باغچەی منالآن کاردانەوەی جۆراوجۆر لە خۆیان نیشان ئەدەن. هەندێک لە منالآن بە خێرایی لە ژینگەی نوێدا هەست بە هێمنی و ئاسایش ئەکەن لە کاتێکدا هەندێکی تر لە منالآن بۆ بەدەستهێنانی ئەم جۆرە هەستە پێداویستیان بە کاتێکی زۆرتر هەیە.

منال لە بیدایەتدا پێویستە لەگەڵ یەکێک یا هەردووی دایکوباوکی تەنیا بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەم لە باغچەی منالآن بێت. بەرەبەرە ئەتوانرێت ژمارەی ئەو کاتژمێرانە زیاد بکرێن. باغچەی منالآن بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی رۆژەکانی یەکەم لە گەڵ ئێوەدا راوێژ ئەکات. گرینگە کە لەم ماویەدا بۆ منالەکەتان ئامادە بن و لەبەردەستدا بن. هەمیشە ئەبێ بە ئاگادارکردنەوە باغچەی منالآن جێ بهێڵن. بە منال بڵێن کە فەرمانبەرانی باغچەی منالآن کاتێک کە ئێمە لێرە نین ئاگاداریت لێ ئەکەن. ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە منال هەست بە هێمنی بکات و متمانە بە ئێوەو ئێمە بکات.

زۆرێک لە باغچەکانی منالآن یەکسەر دوای دەستپێکردنی منال بە باغچەی منال خوازیارن گفتوگۆ لەگەڵ دایکوباوکاندا بکەن. ئەم گفتوگۆیە یارمەتی ئەدات کە باغچەی منالآن لەگەڵ منالەکە ئاشنا بێت. لەم کۆبوونەوەیەدا ئەتوانن سەبارەت بەم پێداویستیە تایبەتانەی کە منال هەیەتی قسە بکەن. هەم ئەتوانێ لە پەیوەندی لەگەڵ خواردن، خەو و حەزەکانی منال بێت و هەروەها سەبارەت بەمە بێت کە چ کەسێکی تر بۆی هەیە منالەکە لە باغچەی منالآن بۆ ماڵەوە بەرێتەوە و بابەتی تر کە باغچەی منالآن ئەبێ لەبەر چاویان بگرێت. باغچەی منالآنیش لەم کۆبوونەوەیەدا مەجالی ئەمەیان ئەبێت کە زانیاری گرینگ بە ئێوە بدەن.



© Marte Rosenvinge










## زانیاری سەبارەت بە ناوەڕۆکی باخچەی منداڵان

گشت باغچەکانی منالان بەرنامەی ساڵانەیان هەیە کە بەرنامەی فێرکاری باغچەی منالان شی ئەکاتەوە. باغچەی منالان زۆربەی جار جگە لەمەش لە ڕێگەی نامەی مانگانە لە لایەن ئەو بەشەی کە منال بۆی ئەچێت زانیاری ئەدەن. لەم ڕێگەوە سەبارەت بەو بەرنامانەی کە باغچەی منالان ئەیانهەوێت ئەنجامیان بدەن و هەروەها لە هەڵسەنگاندنی ئەو چالاکیانەی کە ئەنجام دراون، ئاگادار ئەکرێنەوە. زۆرێک لە باغچەکانی منالان بە بەردەوامی ئەو شتانەی کە لەماوەی ڕۆژدا ڕوویانداوە لە ڕێگەی وێنە، نووسین یان هەردووکی بە بەڵگە تۆماری ئەکەن. هەندێک لە باغچەکانی منالان هەروەها لە ڕێگەی دیجیتاڵ یا ئەلەکترۆنییەوە زانیاری ئاڵوگۆڕ ئەکەن.

## گفتوگۆی نافەرمی

زۆرێک لە پەیوەندییەکانی نێوان باغچەی منالان و دایکوباوکان لە ڕێگەی گفتوگۆی نافەرمییە، بۆ وێنە لە شوێنی جل گۆڕین لە کاتی هێنان و بردنی منال بۆ باغچەی منالان بەڕێوە ئەچەن. لەم حاڵەتەدا منالان و گەورەساڵانی تریش زۆربەی کات لەوێن. ئەگەر بتانهەوێت سەبارەت بە بابەتێک قسە بکەن کە کەسانی تر نابێ گوێیان لێ بێت، ئەتوانن داوا بکەن کە کۆبوونەوەیەکی تایبەت سەبارەت بەمە بەڕێوە بچێت.




## گفتوگۆی فەرمی

باغچەی مناڵان چەند جارێک لە ماوەی ساڵدا دایکوباوکان بۆ کۆبوونەوەکانی گفتوگۆی ئیجباری بانگهێش ئەکات. ئەم گفتوگۆیە لە نێوان مامۆستای باغچەی مناڵان و دایکوباوکانی هەر تاکە منداڵێک دا دەبێت. لەم گفتوگۆیەدا ئێوە ئەتوانن سەبارەت بە بۆچوونەکانی خۆتان لە پەیوەندی لەگەل پێداویستیەکان، بارووذۆخ و گەشەسەندنی مناڵەکە قسە بکەن. ئەگەر بۆ ئەم گفتوگۆیە پێداویستیت بە وەرگێر هەبێت ئەتوانن لە باغچەی مناڵان داوا بکەن وەرگێرتان بۆ بانگ کەن.

## کۆبوونەوەی دایکوباوکان

باغچەی مناڵان یەک یا دوو جار لە ساڵدا کۆبوونەوەی هاوبەشی دایکوباوکان بەڕێوە ئەبات و گشت دایکوباوکان بۆ ئەم کۆبوونەوەیە بانگهێش ئەکرێن. لەکۆبوونەوەی دایکوباوکاندا بابەتەکانی تایبەت بە باغچەی مناڵان تاوتوێی ئەکرێن و گشت دایکوباوکێک ئەتوانێت بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی بخاتە ڕوو.

## دەستەی راوێژکاری دایکوباوکان و لێژنەی هاوکاری

دەستەی راوێژکاری دایکوباوکان لە دایکوباوکی گشت مناڵانی باغچەی مناڵان پێک دێت. دەستەی راوێژکاری دایکوباوکان بە مەبەستی پێشوەخستنی بەرژەوەندی دایکوباوکان کار ئەکات و هەوڵ ئەدات کە هاوکاری نێوان باغچەی مناڵان و دایکوباوکانن بێتە هۆی بەدیهێنانی ژینگەیەکی باش لە باغچەی مناڵاندا.

لێژنەی هاوکاری (SU) لە دایکوباوکان و فەرمانبەرانی باغچەی مناڵانەکە پێک دێت. لێژنەی هاوکاری (SU) بۆ بەدیهێنانی مەجالێکی باشی هاوکاری لە نێوان باغچەی مناڵان و ماڵەوەی مناڵەکە کار ئەکات. بابەتەکانی گرینگی پەیوەندیدار بە باغچەی مناڵان لە لێژنەی هاوکاریدا (SU) بریاری لە سەر ئەدرێت. بەرنامەی ساڵ، بودجە، گۆڕانکاری لە شێوازی بەڕێوەبردن و چۆنیەتی ڕێکخستنی باغچەی مناڵان نموونەی ئەم بابەتانەن.

---

BERGEN
KOMMUNE

Foto forside: © Asle Bentzen
Svanemerket trykksak, 2041 0731
Skipnes.no